دەوڵەت
لە کۆنتێکستوالیزاسیۆنی فەلسەفەی کۆمەڵناسییدا

د. شەونم یەحیا*

لێرەدا دەوڵەت، وەکو دیاردەیەك و زەروورەتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، لە ڕوانگەی چەند تیۆرێکی فەلسەفەییەوە شیدەکەینەوە، چونکە دەوڵەت لە ناخی تاکەکاندا سروشتێکی خودی و بابەتیی هەیە، بەو مانایەی دەوڵەت زەروورەتێکی مرۆییە.

یەك لەو تیۆرییانە ڕەهەندێکی ئایینی لەخۆدەگرێت، خاوەنی ئەم تیۆرە پێیان وایە دەوڵەت بونیادێکی ئیلاهییە، مرۆڤ فاکتەرێکی سەرەکی نییە لە دروستبوونی دەوڵەت، بەڵکو سروشتێکی خودایە. دەتوانین بڵێین هەڵگری ئەم زهنیەتە زیاتر لەو کەسانەدا کۆبوونەتەوە کە پاشخانی بیرکردنەوەیان ئایینە، چەمکی دەوڵەتی ئایینی یان ئیلاهی جۆرێکە لە فەرمانڕوایی لەلایەن پیاوانی ئایینییەوە کە دەسەڵاتیکی ڕەهایان بەخۆداوە لەوەی ئەوان نوێنەری خوداوەندن لە بەڕێوەبردنی دونیادا. ئەم جۆرەش ناسراوە بە تیۆکراسی واتا حوکمی پیاوانی ئایینی، ئەم بیرۆکەیەش دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفی یۆنانی (یوسفوس فلافیوس). فۆرمی ئەم دەوڵەتانە سەرچاوە ئایینییەکان دەبێتە مەرجەعی یاساکانیان، بۆ نموونە فۆرمی ئەم دەوڵەتە لە عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، کە لە 2003 دامەزرا لەسەر بنەمای دووبارەکردنەوەی مێژوو بوو نەك ئایین.

دەوڵەت وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی؛ بنچینەی ئەم تیۆرە لەوەدایە، تاك سروشتێکی کۆمەڵایەتییە و ناتوانێت دوورەپەرێز بێت، بەڵکو بە هۆی تێکەڵابوون و کارلێککردن و هاوکاریی لەگەڵ تاکەکان، ویست و پێویستیی بوون بە فەرمانڕوایی و بە دەسەڵاتێکی گشتی لە نێوان تاکەکاندا لە لای کۆمەڵەوە بێتە کایەوە. لەپێناو پارێزگاریکردن لە خاوەندارێتیی تایبەت.

تیۆری دەوڵەت وەکو گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی؛ خاوەنی سەرەکیی ئەم تیۆرە دوو بیرمەندن (ژان ژاك ڕۆسۆ، تۆماس هۆبز). لە ڕوانگەی توماس هۆبز و ڕۆسۆوە دەوڵەت دروستکراوی دەستی تاکە لە ئەنجامی گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە، دەتوانرێت دەوڵەتێکی عەقڵانی بونیاد بنرێت، عەقڵانیبوون بەرهەمی لۆژیکە، عەقڵ پێوەری ڕاستییە و تاکە سەرچاوەی مەعریفەیە لە جیاتیی هەست، هۆبز هەوڵی دۆزینەوەی پرەنسیپەکانی عەقڵانییەتی دەدا، کە سیاسەتێکی مەدەنیانەی لەسەر بونیاد بنێت، کەواتە دەوڵەت وەکو خواست و ویستی گشتی بونیادێکی سروشتیی هەیە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە هەموو ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەسەڵات خواستی دروستکردنی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام ویستی هەر ئەکتەرێك لەگەڵ ئەوی دیکە جیاوازە. بۆ نموونە خواستی ئەکتەریکی ئایینی و پارێزخواز بۆ ئەنجامدانی ئەم گرێبەستە لەگەڵ دەسەڵات، جیاوازە لە ویستی ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتیی سیکۆلار یان ئەو ئەکتەرەی کە کێشەی چینایەتی دەکاتە مەرج لەگەڵ دەسەڵات بۆ بونیادنانی دەوڵەت. گرنگە کێشەی چینایەتی لە کیشەی پرسێکی لۆکاڵی جیابکرێتەوە، کێشەی کورد لۆکاڵییە، چونکە ئەوە تەنیا کیشەی ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتیی کوردە کە قەیرانی شوناسی هەیە، نەك کیشەی ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتیی چین (صین) یان فەنزوێلا یان هەر دەوڵەتێکی دیکە، بەڵام کێشەی چینایەتی ڕەهەندێکی فراوانتری هەیە و کێشەیەکی جیهانییە (یونیڤێرساڵە). بە تیۆریزەکردنی ئەم تیۆرە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە خواستێکی ڕەها و گشتی لەسەر بونیادنانی دەوڵەت هەیە لەلایەن ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەڵام ویستی هەر ئەکتەرێکی کورد بۆ بونیادنانی فۆرمی ئەم دەوڵەتە جیاوازە، هەر ئەکتەرێك لە زیهنیەتی خویدا فۆرم و ئیماژێکی جیاوازی خوڵقاندووە. هەرەمی بەیەکگەیشتی هەموو خواستەکان لە کۆتاییدا بونیادنانی دەوڵەتێکی عەقڵانییە کە هاوڵاتیبوون تێیدا سەنتراڵ بێت.

بادیۆ باس لە قەیرانی مۆدێلی هەژموونگەرایی دەکات، کە لەژێر ناوی «دەوڵەتی پەرلەمانی»دا وەها لە هاوڵاتیان دەکات سیاسەت فەرامۆشی بکەن. لای بادیۆ دەوڵەتی پەرلەمانی، هاوڵاتیان لە بەشداریی سیاسی دووردەخاتەوە، بۆیە هەڵبژاردن دەکەوێتە نێوان (کۆمیدیا و تراژیدیا)وە

تێـۆری دەوڵـەت لـە ڕەهەندێکـی سیاسـییەوە؛ ئـیـن خەلـدون دەڵێـت: «هیـچ دەوڵەتێك بەبـێ حوکمـی سیاسـی بوونـی نییـە و هیـچ حوکمێکـی سیاسـی بوونـی نییـە بەبـێ دەوڵـەت. ئـەو پێـی وایـە دەوڵـەت و سیاسـەت دوو ڕووی یـەك دراون، هەردووکیـان لـە کۆمەڵـەوە هەڵقـووڵان.

فەیلەسـوفی فەڕەنسـی (ئـالان بادیۆ) پێی وایـە: سیاسـەت تاکـە هێـزە دەتوانێـت دیسـپلینی نـوێ دروسـت بـکات، بڕیـار دەدات کـێ بەهێـزە و هەژمـوون دەکات و کـێ لاوازە. بۆیـە کاتێـك کـە دەوڵـەت دەڕووخێـت سیاسـەتیش دەڕووخێـت لەگەڵیـدا، دەوڵەتبـوون پەیوەسـتە بـە سیاسـەتکردنەوە، چونکـە ئەگـەر دەوڵـەت نەبێـت سیاسـەتیش نابێـت.

بـەڵام مـن پێمـوایە بـۆ گۆڕینـی دەوڵـەت و سیسـتەمی سیاسـی، ئـەوە دەوڵـەت نییـە کـە دەڕوخێـت، بەڵکـو حکومـەت و سیاسـەتەکانی دەڕوخێـن و دەگۆڕدرێـن، بـۆ نموونـە ئـەوە ڕژێمـی بەعـس بـوو لـە 2003 ڕووخـا، نـەك دەوڵەتـی عێـراق، بۆیـە دەوڵـەت چەمکێکـە بـە نەگـۆڕی دەمێنیتـەوە و قاڵبـی خـۆی وەرگرتـووە، مەگـەر لـە چەنـد دۆخێکـی تایبەتـدا نەبێـت.

لای بادیـۆ «سیاسـەت بریتییـە لـە پەیوەندیـی نێـوان جەمـاوەر و ڕێکخـراوە مەدەنییـەکان و بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان و ڕوودواو و شـۆڕش، لەگـەڵ گواسـتنەوەی ئایدیـای گشـتی بـۆ کۆمەڵگـەی گلۆبـاڵ.

سیاسـەتکردن لای بادیـۆ پاشـخانێکی مێژوویـی هەیـە، پرسـی جەنگاوەریـی و تێکۆشـانە، پەیوەندیـی بـەوەوە هەیـە کـێ لـە هەمـووان ئەکتیڤـترە، سیاسـەتکردن تەنیـا بریتـی نییـە لـەوەی هاوڵاتیـان بـە ئـارەزووی خۆیـان چەنـد وەرەقەیەکـی ڕەنگاوڕەنـگ بخەنـە نـاو سـندوقەکانی دەنگدانـەوە. سیاسـەت گرنگـە ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ جەمـاوەر ڕێکبخرێـت.

ئەگـەر لای بادیـۆ دەوڵەتبوون پەیوەسـت بێـت بـە سیاسـەتکردنەوە، ئـەوا لای (میشـێل ئۆنفـرای) بوونـی دەوڵـەت، پەیوەسـتە بـە بوونـی گەرەنتییـەوە بـۆ ئـازادی.

بادیـۆ ئـەو پرسـیارە لـە ئۆنفـرای دەکات و دەڵێـت «مـن نازانـم تـۆ مەبەسـتت کام دەوڵەتـە، ئـەو دەوڵەتـەی کـە لەگـەڵ جەماوەرکـەی لێکترازابێـت، ئـەوە گەرەنتـی بـۆ ئەنجامدانـی مایکـرۆ شـۆڕش لەپێنـاو ئازادییـدا نیـە. بـاس لە چ فیگورێکـی نـوێ بـۆ دەوڵـەت دەکەیـت کـە گەرەنتـی بـە هاوڵاتیانـی بـدات؟

ئۆنفـرای لـە وەڵامـدا دەڵێـت «پێـوەری دادپـەروەری، ئەگەر دادپـەروەری نەبێت دەوڵـەت نییـە، چونکـە دادپـەروەری گەرەنتیـی هەلـی بەشـداریی هاووڵاتیـان و گۆڕانـی پۆزەتیـڤ و هـاوکاری دەدات، ئـەو دەوڵەتـەی گەرەنتیـی بوژانـەوە

بـە هاوڵاتیانـی بـدات، ئـەو دەوڵەتـەی خزمەتـی ئـازادی بـکات، نـەك ئـەو دەوڵەتـەی کار بـە لۆژیکـی بەزانـدن بـکات و سـنووری ماف و هەڵوێسـتەکانی هاوڵاتیـان پێشـێل بـکات، لەبەرئـەوەی بـڕوای بـە ئایدیایەکـی جیـاواز هەیـە. ئەمـەش بەرهەمدێـت بـە لۆژیکـی هەڵبـژاردن و دەنگـدان لـە ڕێـگای پەرلەمانـەوە مۆرکێکـی دادپەروەرانـە دروسـت بکرێـت.

هەڵبژاردن تەڵەیەك بۆ گەمژەکان

ئەمـە یەکێـك بـوو لـە دروشـمەکانی شۆڕشـی فەڕەنسـی لـە ئایـاری 1968، بادیۆیـش بـۆ خـۆی ماویسـت بـوو، بـەڵام ئـەو بـە شـێوەیەکی قووڵـتر بیـری دەکـردەوە و دەپرسـێت، ئایـا هاوڵاتیـان هەموویـان بەئـاگان یـان کار بـەم ڕسـتەیە دەکـەن؟ لـەو بڕوایـەدان گوتار و دانپێدانانەکانـی کاندیـدەکان بـە کەڵکـی ئـەوان بێـن و ئـازار و ناخۆشـییەکانیان کـەم دەکاتـەوە!

هەمـوو ئـەو ڕێپێـوان و خۆپێشـاندانانە بەنـاوی جۆراوجـۆرەوە دەکرێـن، تەنیـا جـۆش و خرۆشـی سیاسـی و شـۆڕش و داوای مـاف لـەو بزووتنەوانـە دەبینـم، بـۆ نموونـە لـە میسـر ئـەوە دەبینـم کـە چەنـدان کـەس لـە دەوری بڕوایـەك یـان فیکرێـك کۆبوونەتـەوە، بـەڵام هەموویـان لـە کۆتاییـدا لـە خزمەتـی پەرلەمانـدان، ئێمـە لـە بەرامبـەر یارییەکـی میدیایـی زۆر گەورەدایـن، هەروەهـا پێـی وایـە هەڵبژارن پرۆسەیەکی «فریودان»ـە تەنیا دەسـتەواژەیەکە بۆ وەهمی دیموکراسـیی سـاختە. ئـەو دیموکراسـیەتەی کـە حـزب یـان ڕێکخراوێـك یـان سـەرمایەدارێک بـۆ بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان دروسـتیان کـردووە.

بادیـۆ بـاس لـە قەیرانـی مۆدێلـی هەژموونگەرایـی دەکات، کـە لەژێـر نـاوی «دەوڵەتـی پەرلەمانـی»دا وەهـا لـە هاوڵاتیـان دەکات سیاسـەت فەرامۆشـی بکـەن. لای بادیـۆ دەوڵەتـی پەرلەمانـی، هاوڵاتیـان لـە بەشـداریی سیاسـی دووردەخاتـەوە، بۆیـە هەڵبـژاردن دەکەوێتـە نێـوان (کۆمیدیـا و تراژیدیـا) وە، ئـەو بـاس لـە سـۆزی هاوڵاتیـان لـە خۆپێشـاندان و هەڵبژاردنەکانـدا دەکات. پێـی وایـە «هەمـوو ئـەو سـۆزدارییە لـە لایـەن ڕێکخراوێـك یـان گروپێـک یـان پارتێکـەوە مەنیفێسـتکراوە.

بزووتنـەوەی جەماوەریـی حەقیقـی ئـەو بزووتنەوەیەیـە کـە بـە سروشـتی فـراوان دەبێـت، حزبێـك یـان گـروپ یـان لایەنێـك سەرپەرشـتیان نـاکات. تاکـە ڕێـگا بـۆ گۆڕینـی دەسـەڵاتیش تەنیـا بزووتنـەوەی جەماوەریـی حەقیقـی و سروشـتییە.

گەورەتریـن بزووتنـەوەی جەماوەریـی دیموکراسـی کـە دەیبینیـت، لای بادیـۆ هێشـتا هـەر کەمینـەن، ناکاتـە هەمـوو، نموونـە بـە خۆپێشـاندانەکانی وڵاتـی



میـسر دەهێنێتـەوە لـە سـاڵی 2011، دەڵێـت ئەگەرچـی ملیۆنێـك یـان دوو یـان سـێ ملیـۆن هاوڵاتـی لـە مەیدانـی تەحریـر بـوون، بـەڵام هێشـتا لەچـاو هەمـوو میـسردا هـەر کەمینـەن. کاتێـك کـە دەیانگـوت هەمـوو میـسر لێرەیـە، ئـەوە وەهمێکـی گـەورە بـوو. هەرچەندێـک بـوون هـەر وەک کەمینـە دەمێننـەوە.

«ئەگـەر هەڵبـژاردن قبـوڵ بکەیـن، دەبێـت دەرئەنجامەکانیشـی قبـوڵ بکەیـن»، کاتێـك کـە ئیخـوان لـە میـسر بـە ڕێـگای هەڵبـژاردن لـە دوای موبـارەك دەسـەڵاتیان گرتـە دەسـت، ئامـادە نەبـوون دەرئەنجامەکـەی قبـوڵ بکـەن، ڕەخنەیەکـی زۆری لێگیـرا کە دیموکراسـی نەبـوو، مەسـەلەکە پەیوەندیـی بـە دیموکراسـییەوە نەبـوو، بەڵکـو دڵگـران

بـوون بـە دەرئەنجامەکـەی کـە دەسـەڵاتێکی ئیسـلامی هێنایـە حوکـم. لای فەیلەسـوف ئـەوەی گرنگـە هـەر شـتێك (ڕاسـتە و دادپـەروەرە و باشـە) پەوەندیـی بـە ژمـارەوە نییـە، ڕەنگـە هاوڵاتیـان بکەونـە هەڵـەوە لـە هەڵبژاردنەکانیـان لـەوەی دەسـەڵاتێکی سـەرکوتکار یـان خائیـن یـان خۆفرۆشـت بـۆ هەڵبژێـن.

بادیـۆ پیـێ وایـە «هیـچ پەیوەندییەکـی دیالەکتیکـی نییـە لەنێـوان ئـەوەی سیاسـەت بـە بـاش و دادپـەروەر و ڕاسـتی دەزانێـت، لەگـەڵ ئـەوەی زۆرینـە بـە بـاش و ڕاسـت و دادپـەروەری دەزانێـت».

ئێـوە ناڵێـن دیموکراسـی بـە واتـای دەسـەڵاتی هاوڵاتیانـە، دێمـە سـەر ئـەو خاڵـە لـە چ بوارێکـدا هاوڵاتیـان بەشـداریی لـەو بڕیارانـە دەکـەن کـە جەوهەرییـن لـە سیاسـەتی ناوخـۆ یـان دەرەوەدا، یـان ئەوانـەی پەیوەندییـان بـە ڕەوشـی بانکەکانـەوە هەیـە، تەنیـا ئـەو دەسـەڵاتە بوونـی هەیـە کـە کەمینـەن و دەسـەڵاتێکی ئۆلیگاریشـە.

ئێمـە هەسـت بـە دەسـەڵاتی (دیکتاتـۆری، تیۆکراسـی، ئەرستۆکراسـی، ئۆلیگارشـی، مۆنارشـی) دەکەیـن، بـەڵام هیـچ کات هەسـت بـە دەسـەڵاتی دیموکراسـی ناکەیـن، لەنـاو سیسـتەمی دیموکراسـی ناژییـن، بەڵکـو لەلایـەن ڕژێمێکـی ئۆلیگارشـی (دارایـی و سیاسـی و میدیایی)ـەوە هەژموونکراویـن.

مـن دیموکراسـیی حەقیقـی ڕەت ناکەمـەوە، بەڵکـو ئـەو دیموکراسـییە ڕەت دەکەمـەوە کـە وەهمـە و لەسـەر کۆمەڵیـك نـۆرم و پێـوەر و بڕیـار ڕوونـراوە و ئاڕاسـتە و کۆنترۆڵەکـەی لـە دەسـتی کەسـانی ئۆلیگارشـییدایە. ڕەنگـە سیسـتەمێکی سیاسـیی باشـتر لـە دیموکراسـی لـە ئاینـدەدا پەیـدا بێـت، کـە یەکێـك لـە داهێنانەکانـی مرۆڤایەتـی بێـت.

ئیـوە دەزانـن سیسـتەمی تیۆکراسـی، سیسـتەمێکی چەوسـێنەر بـوو بـۆ ماوەیەکـی زۆر مایـەوە، زیاتـر لـە دیموکراسـی، ڕەنگـە دیموکراسـی لـە ناوبڕێکـی کورتـی مێژوویـەوە دەرچووبێـت. بەتایبەتـی نزیکـە یـان پەیوەسـتە بـە سـەرمایەدارییەوە، سیسـتەمی پەرلەمانـی دیموکراسـی وەکـو سیسـتەمێکی جێگیـر هیـچ بوونێکـی نیـە، تەنیـا بـە وجـوودی ئابـووری سـەرمایەداری نەبێـت، بۆیـە میراتگیـری ڕاسـتەوخۆی جێگـرەوەی ئـەو سیسـتەمە ئاشـکرایە.

بادیـۆ بانگەشـەی دەوڵەتـی ئایدیالـی کۆمۆنیسـتی دەکات، بـەڵام کـێ ئـەو دەوڵەتـە بەڕێوەببـات؟ ئایـا بادیـۆ وەکـو فەیلەسـوفێك چـی دەڵێـت؟

بادیـۆ لـە وەڵامـدا دەڵێـت: «ئـەو دەوڵەتـە پێویسـتە هەمـووان لـە بەڕێوەبردنییـدا بەشـداربن، فیکـر و حـەق و عەقـڵ بنەمـای حوکمکـردن بێـت، بـە شـێوەیەکی دادپـەروەر، ئـەو دەوڵەتـە دیموکراسـیەتێکی حەقیقـی تێـدا بوونـی هەبێـت، هاوڵاتیـان لـە دەوڵـەت جیانەکرابێتنـەوە. نـەک ئـەو دەوڵەتـە سـەرکوتکارییەی شـەرعیەتی خـۆی لـە هەڵبژاردنـەوە وەربگرێـت. گرنگـە کۆمەڵگەیـەك بونیـاد بنێیـن وەکـو کۆمەڵگـەی لیبـراڵ نەبێـت، سـەرمایەدار و ئۆلیگارشـی تونـدڕەو تێیـدا ڕاوچـی بـن. نابێـت ئازادییەکـی ڕەهـا بـۆ کۆمەڵگـە دروسـت بکەیـن، کـە سـەرمایەدار تێیـدا پاشـا بێـت.

بـۆ شـیکردنەوەی «شـۆڕش»یش لەنێـوان بادیـۆ و میشـێل ئۆنفـرای، بادیـۆ بـاس لـە شـۆڕش دەکات (La revolution) بـەڵام ئۆنفـرای بـاس لـە شۆڕشـەکان (les revolutions) دەکات، واتـە بـە شـێوەی کـۆ.

دەرچوون لە دەوڵەتی کەمینە و زۆرینە

کەمینـە بریتییـە لـە هەبوونـی پێکهاتەیەکـی بچـووك لەنـاو پێکهاتەیەکـی گـەورەدا، ئـەوەی دیکەیـان بـە پێچەوانـەوە، پێکهاتـەی زۆرینەیـە لـە کۆمەڵگـەدا، ئـەم دوو پێکهاتەیـە بـەردەوام خۆیـان بـە جیـاواز دەبینـن، چـی ئایینـی یـان نەتەوەیـی بێـت، لێـرەدا مـەرج نییـە ئـەم کەمینـە و زۆرینەیـە هـەر لەسـەر بنەمـای نەتـەوە یـان

ئایین بێت، دەکرێت لە چوارچێوەی بنەما و فیکر و بەرنامەی پارتێکی سیاسییشدا بێت، لە هەندێک کاتدا ئامانجی کەمینەکان بەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانیانە، چونکە هەست بە بێبەشبوون پاڵنەرە بۆ داواکردنی مافەکانیان و ئامانجی زۆرینە مانەوە و خۆ بەخاوەنکردنی دەسەڵاتە، جگە لەمە لە هەموو دۆخێکدا زۆرینە حوکم ناکات، بەڵکو حکومی کەمینەش بەسەر زۆرینەشدا هەیە کە پێی دەڵێن دەسەڵاتی (ئۆلیگارشیە)، واتا کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لەلایەن دەستەیەکی بچووك لە کۆمەڵگەدا بە هۆی هەبوونی (سەروەت و سامان، خێڵ یان دەسەڵاتی سەربازی). ئەفلاتۆن لە کتێبی (کۆمار)دا باسی ئەم جۆرە دەسەڵاتە دەکات، لێرەدا هیچ پەیوەندیی بە کەمینەی ئایینی و نەتەوەییەوە نییە، بەڵکو زیاتر نزیکە لە جۆری حکومڕانی ئەرستۆکراتەکان و دیکتاتۆریەت، بلوتۆکراتی (واتا حوکمی دەوڵەمەندەکان)، کلیبتۆکراتی (واتا حوکمی چەتەسالاری، بە مانای فەرمانڕوایی دەوڵەت لەلایەن دزو جەردەوە و مافیاکانەوە).

دەسەڵات و فەرمانڕەوایی زۆرینەش بە هەمان شێوە ئەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕووی سیستەمی (دیموکراسی) دەکرێتەوە، ئەویش مەترسییەکانی



هەڵبژاردن؛ تەڵەیەك بۆ گەمژەكان

دروستبوونی (زۆرداریی زۆرینەیە)، یەکەم کەسیش کە ئەم زاراوەیەی بەکارهێنا (ئەلیکس دی تۆکفێڵ) بوو لە کتێبی «دیموکراسیەت لە ئەمریکا» لە ساڵی 1831، هەروەها وەکو (ژان سەڵیم) فەیلەسوفی فەڕەنسی لە کتێبی «هەڵبژاردن تەڵەیەك بۆ گەمژەکەکان؛ ئەی چی بۆ دیموکراسیەت دەمێنیتەوە - 2012)، نموونەی چەند هەڵبژاردنێك لەو کتێبەیدا دەهێنێتەوە، کە بوونەتە جێگای نائومێدی و شەرمەزاری بۆ کۆمەڵ، سەرەڕای ئەوە ئەو پێی وایە دەبێت ئاگاداری دەرهاویشتەکانی دیموکراسیەت بین، بەتایبەت لەوەدا کە مەرج نییە هەموو کات زۆرینە لە هەڵبژاردنەکانیاندا ڕاست و لەسەرحەق بن، لە هەموو حاڵەتێکدا ئەم دۆخانە پەشیمانیی بەدوادا دێت، لەوانە هەڵبژاردنی (هیتلەر) بە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لە مارس و ئەپرێلی ساڵی 1932. هیتلەر بە کۆدەتای سەربازی نەگەیشتە دەسەڵات، ئەو لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە گەیستە دەسەڵات کە 37.35% دەنگەکانی بەدەستهێنا، کەواتە بە دەنگی زۆرینە دەسەڵاتی وەرگرت. ئایە ئەمە لێدانی دیموکراسیەت نییە؟ کوا دیموکراسیەت؟، دەرئەنجامی دەسەڵاتی هیلتەر چی بوو جگە لە (شەڕ و ماڵوێرانی و کوشتن و کاولکاری، ڕەگەزپەرستی و جولەکە سوتاندن و دیکتاتۆریەت و فاشیزم)؟ واتا ئەوە زۆرینە بوو کە فاشیزمی هێنایە دەسەڵات.

زۆرینە و کەمینە هیچ کات بە جێگیریی نامێننەوە، چونکە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دیموگرافی ڕۆڵ دەبینێت لە گۆڕینی هاوکێشەکان واتا مەرج نییە زۆرینە هەموو کات بە زۆرینە بمێنێتەوە و کەمینەش بە کەمینەیی بمێنێتەوە.

لێرەدا نامەوێت لەم وتارەدا قووڵ ببمەوە بۆ جیاوازییەکانی نێوان کەمینە و زۆرینە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەوە، ئەوەی گرنگە لەم پەیامەمدا فەرمانڕەوایەتی لەسەر پڕەنسیپی کەمینە و زۆرینە گوزارش لە فەرمانڕەوایەتی حەقیقی ناکات، بەڵکو فەرمانڕەوایەتی درۆینەیە و هەڵەیەکی مێژووییە بەرامبەر بە هاوڵاتیبوون و سەرچاوەی دروستبوونی هەستیاری و دڕدۆنگی و نادادپەروەرییە، فەرمانڕەوایەتیی دەوڵەت و حکومەت بەر لەوەی لەسەر بنەمای زۆرینە و کەمینە ئایینی یان نەتەوەیی یان سیاسی بێت، گرنگە لەسەر بنەمای ئەخلاقیاتی پرۆفیشناڵی و شارەزایی و لێهاتوویی و ئەکادیمیوون و کەسی شیاو لە شوێنی شیاو بێت، گەر وەها بزانرێت بە دابەشکردنی پێگە ئیداری و سیاسییەکان لە حوکمڕانیی کۆمەڵگە بەسەر زۆرینە و کەمینەدا مافەکان بە یەکسانی بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشکراوە و هەر لایەک و پێکهاتەیەک بە مافی خۆیان گەیشتوون، ئەوا وەهمێکی گەورەیە، چونکە ئەوان ماف و ئیمتیاز دەدەن بە یەك دوو کەسی ناو کەمینەکە، نەك کۆی کەمینەکە، بگرە زۆر جار ئەم کەمینانە دەبنە پاشکۆ و لەلایەن دەسەڵاتیشەوە بەکاردەهێنرێن، «لێرەدا مەبەستم لە کەمینەی سیاسییە واتا لە چوارچێوەی پارتی سیاسی. ئەم فرەییە لە ڕووی کولتووریەوە مرۆڤەکان لە یەکەوە نزیك دەکاتەوە، بەڵام کاتێك سیستەمی سیاسی و فەرمانڕەوایەتی دێت دەیخاتە ناو سیاسەتەوە و بەرنامە و عەقڵیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەسەر ئەم بنەما جیاکارییە بونیاد دەنێت، هەموو ڕەونەقی مرۆیی و کولتووری دەبات و بازنەی ململانێ و توندڕەوییەکانی نێوانیان فراوانتر دەکات، سەیرە ئەم بیرکردنەوە ناعەقڵانییە وا لە هاوڵاتیانیش دەگەیەنێت کە شانازی بەو جیاکارییەوە بکەن.

***دکتۆرا لە فەلسەفەی کۆمەڵناسی- زانکۆی سۆربۆن**